پارتی: هیچ لایەنێک ناتوانێت بەبێ پارتی حکومەتی نوێ پێکبهێنێت

لەسەر پێکهێنانی حکومەت پارتی وەڵامی شاسوار عەبدولواحید و بافێ تاڵەبانی دایەوە و ئەندامێکی لیژنەی دانوستانکاری پارتی بە میدیاکانی حزبەکەی وتووە، هیچ لایەنێک ناتوانێت بەبێ پارتی حکومەتی نوێ پێکبهێنێت.

ئەندامێکی لیژنەی دانوستانکاری پارتی بە میدیای حزبەکەی راگەیاند، پارتی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنن و زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان هی ئەوانن بۆیە هیچ لایەنێک ناتوانێت بەبێ پارتی کابینەی نوێی حکومەت پێکبهێنێت.

وتیشی، لەگەڵ یەکێتی لە گفتوگۆکردن بەردەوامن بە پێکهێنانی حکومەت و هەنگاوی باشیشیان ناوە، هاوکات بەپێی ئەنجام و بڕکۆتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەرگای گفتوگۆیان کراوەیە بە هەموو لایەنەکان و پێویستە ڕێز لە دەنگ و متمانەی خەڵکی کوردستانیش بگیرێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە شاسوار عەبدولواحید، رایگەیاند، جێخت لە پرۆژەکەی ساڵی رابردوویان دەکەنەوە بە پێکهێنانی بەرەیەک لەدەرەوەی پارتی بە کاراکردنەوەی پەرلەمان و بافێ تاڵەبانیش وەڵامی چاڵنجەکەی شاسوار عەبدولواحیدی دایەوە و وتی، ئەوانیش ڕۆژی شەممە شاندی یەکێتی و خۆشی سەردانی

نړوۍ نوې دګړن.